www.kurdistannet.org
14-12-2004 19:58

# ئةو دةمةي هاورةكان ناطةن بةطوص ... ب. بنار

بیرتە گوڵم،
ئێوارەیەکی پاییزە
چۆن بەدزە، چەند شپرزە
خۆمان کرد بە کۆڵانێکی شارا
کۆڵان چاو بوو، دیوار چاو بوو
سەرتاسەری شار هەر چاو بوو
نەم دەوێرا لێت بڕوانم
نەت دەوێرا لێم بڕوانی
هەر ئەو کاتە من دەمزانی
هەر ئەو ساتە تۆ دەتزانی
ئەوە دوا ژوانی ئێمەیە
ئەوە داستانی ناهەقی
ئەو سەردەمە چەپەڵەیە
گەورەم ئێستا ساڵ تێپەڕی
گوڵم، ئێستا ژیان تێپەڕی
من هەر چاوم لە سەر ڕێیە
گوێم قولاغی ترپەی پێیە
من بە جەستە لە تۆ دورم
بەڵام رووحم بەندی تۆیە.